عێراق پاڕێپشتی لە دانوستانەکانی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات

فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە جەختی کردەوە کە عێراق پاڕێپشتی لەو دانوستانانە دەکات کە لە نێوان نوێنەرانی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عومان بەڕێوەدەچێت. ئاماژەی بەوەش کرد کە ناوچەکە قەناعەکی هەستیار تەدەپەڕێنێت و ئەمەش دەخوازێت کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە چارەسەر بکرێن و لە لێژیکی توندوتیژی دوور بکەونەوە.

فوئاد حسێن لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ جان نوێ بارە، هاوتا فەرەنسییەکەی، کە ئاژانسی موتەع بەدواداچوونی بە کردووە، ڕایگەیاند: دوورخستنەوەی ناوچەکە لە ئاگری شەڕ ئەرکی هەموو وڵاتانی ناوچەکەیە و عێراق پێشوازی لەو دانوستانانە دەکات کە بەیارە سبەی لە نێوان نوێنەرانی ئێران و ئەمریکا لە عومان بەڕێوەبچێت.

هاوکات ستایشی هەماهەنگییە ئەمنی، سەربازی و هەواڵگرییەکانی نێوان عێراق و فەرەنسای کرد، هەروەها هاوکارییەکانی هەردوو وڵاتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بەرز نرخاند.

وەزیری دەرەوە ئاماژەی بەوەش کرد کە وەزارەتی بەرگری گرێبەستێکی لەگەڵ کەمپانیای (تالیس)ی

فڕەنسی واژە کردووە بە کێنی ئاداری سەربازی، هەروەها پێشوازی لە بڕیاری کۆمپانیا فڕەنسییەکان کرد لە ٤٩یەمین خولی پێشانگای نێودەوڵەتیی بەغدا.

سەبارەت بە دەسپێکی سووریا، فوئاد حسێن ڕوونی کردەوە: ناسەقامگیری لە سووریا کاریگەری خراپی لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و عێراق هەیە، بۆیە ئێمە پاڵپشتی لە ڕێککەوتنی نێوان دیمەشق و هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەد) دەکەین، چونکە هەر ناسەقامگیرییەک لێوە کاریگەری لەسەر دۆخی ئێمە دەبێت.

لە لایەن خێیەو، جان نوێ بارە، وەزیری دەرەوەی فڕەنسا جەختی کردەوە کە فڕەنسا پاڵپشتی لە بەستنی سێیەمین کۆنفرانسی بەغدا دەکات، ئاماژەی بۆش کرد کە سەقامگیری عێراق زۆر گرنگە و وەاتەکە گەواهی بوژانەوەیەکی بەرچاو دەدات کە جێگەی ئومێدە بە هەموو ناوچەکە.

بارە ئاماژەی بۆش کرد کە فڕەنسا پاڵپشتی لە هەوڵە دیپلۆماسییەکان دەکات لە سایەی ئەو گرژی و مەترسییەی بە پڕەسەندنی سەربازی لە ناوچەکەدا هەیە، ڕاشیگەیاند کە عێراق ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە وەرگرتنی دەستگیرکراوانی داعش و ئێمە پاڵپشتی ئەم هەوڵەستە دەکەین. هەروەها لە میانی گفتوگۆکاندا باسیان لە بارودۆخی سووریا و ڕێککەوتنی نێوان دیمەشق و هەسەد کردووە.